# درکپێکردنی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە ڕووبەری ئیدیۆمە جەستەییەکاندا

**شاهو صالح حمەحسین**

بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (درکپێکردنی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە ڕووبەری ئیدیۆمە جەستەییەکاندا)، لە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردن (Cognitive Linguistics)دایە، ئەو تیۆریەی، کە ئەم توێژینەوە پشتی پێدەبەستێت بریتییە لە سیمانتیکی درکپێکردن (Cognitive Semantics)، لە ناو ئەم تیۆریەشدا تیۆری فەزا ئاوەزییەکان (Mental spaces) بەکارهێنراوە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەش زیاتر ڕێبازی زمانەوانی درکپێکردنە، کە بریتییە لە ڕێبازی (درکپێکراوی شیکارییانە)، تیۆری ( فەزای ئاوەز)یش یەکێکە لە تیۆرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، زانستی زمانی درکپێکردنیش، وەک قوتابخانەیەکی نوێ گرنگی بە لایەنی پێواژۆ ئاوەزییەکان و توانا درکپێکراوەکان لە شیکردنەوەی ئاخاوتندا بە شێوەیەکی ورد و زانستیانە دەدات، ئیدیۆمیش وەک یەکێک لەو کەرەستە و بوارانەی زمان، پەیوەندییەکی بەهێز و پتەوی بە توانا درکپێکراوەکانەوە هەیە، لە داڕشتنی ڕووبەرە جەستەییەکانی وەک (سەر، دەست، دەم، زمان. دڵ، چاو)، کە بە ڕوونی هەست بە ڕەنگدانەوەیان دەکرێت، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، هەوڵدراوە، بە پێی تیۆری (فەزا ئاوەزییەکان) لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ ئەو ئیدیۆمانەی زمانی کوردی بکرێت، کە ڕووبەرە جەستەییەکان ڕۆڵیان لە داڕشتنیادا هەبووە و پاشانیش بە پێی هەردووجۆر فەزاکەی فەزای ئاوەزی، کە بریتین لە ( فەزای بنەڕەتی و فەزای بونیادنەر)شییکردنەوە و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، کەواتە بە شێوەیەکی سەرەکی و کارەکییانە توێژینەوەکە کار لە سەر لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ئیدیۆم لە ڕوانگەی ڕووبەرە جەستەییەکانەوە دەکات، دواتریش پەیوەست بە تیۆری فەزا ئاوەزییەکانەوە فەزای بنەڕەتی و فەزای بونیادنەری ئیدیۆمەکان بە پێی واتاکانیان دیاریدەکات.

**کلیلە وشەکان:** سیمانتیکی درکپێکردن، فەزای ئاوەزی، فەزای بنەڕەتی، فەزای بونیادنەر، ڕووبەرەجەستەییەکان.

## پێشەکی:

زانستی زمانی درکپێکردن وەک قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانی چەقی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکانی بریتییە لە واتا، بە جۆرێک، کە زۆربەی تیۆری و وەچە تیۆرییەکانی لەو ڕوانگەیەوە سەیری زمان و کەرەستە زمانییەکان دەکەن و شکردنەوەی بۆ دەکەن، پەیوەست بەم قوتابخانە نوێیەوە هەوڵماندواە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە بۆ (ئیدیۆم)ەکانی زمانی کوردی بکەین، بە یەکێک لە تیۆریەکانی ئەم قوتابخانەیە، کە ئەویش تیۆری فەزا ئاوەزییەکانە، لەو سۆنگەیەوە ئاماژەمان بەوە کردووە، کە چۆن ڕووبەرە جەستەییە جیاوازەکانی وەک (سەر، دەست، دەم، زمان. دڵ، چاو) ڕۆڵییان لە داڕشتنی واتا جیاوازەکانی ئیدیۆمەکاندا هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ئەزموونە جیاوازانە دروستبووە، کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە ژینگە و پەیوەندییە کۆمەڵاییەتییە جیاوازەکانیاندا بە شێوەی ئەزموونیانە بەرجەستەیان کردووە، پاشان ئەم ئەزموونانە لە ئاوەزدا دادەکرێن(خەزنکردن) و دواتر دەبن بە شارەزایی و لەڕێگەی زمانەوە بە کۆد دەکرێن و دەردەبڕدرێن، توێژینەوەکە هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە ئایا فەزا جیاوازەکان چ ڕۆڵێکیان لە بونیادنانی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیدا هەبووە؟، هۆکاری بەکارهێنانی فەزا بوینادنەرە جیاوازەکان لە ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (درکپێکردنی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە ڕووبەری ئیدیۆمە جەستەییەکاندا)، ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەش زیاتر ڕێبازی زمانەوانی درکپێکردنە، کە بریتییە لە ڕێبازی (درکپێکراوی شیکارییانە)، توێژینەوەکە خۆی لە دوو بەشدا دەبینێتەوە، بەشی یەکەم کراوە بە دوو پارەوە، پاری یەکەم بە ناونیشانی (سیمانتیکی درکپێکردن)، لەم پارەدا باس لە سیمانتیکی درکپێکردن کراوە، بە تایبەتی بنەمای سەرەکی تیۆرەکە، کە بریتین لە بە چەمکردن و واتای ئینسکلۆپیدی، بە وردی باس لەم دوو بنەمایە کراوە، پاری دووەمیش بە ناونیشانی (تیۆری فەزای ئاوەزی)، لەم پارەشدا تیۆریەکە ناسێنراوە و بنەمای تیۆریەکە، کە بریتییە لە فەزای بنەڕەتی و فەزای بونیادنەر شیکراوەتەوە و نموونەی پێویستی بۆ هێنراوەتەوە، بەشی دووەمیش بە ناونیشانی (پەیپێبردنی کارەکییانەی ئەندامانی جەستە لە ئیدیۆمدا) لەم بەشەدا باس لەو ڕووبەرە جەستەییانە کراوە، کە بەشداریان لە داڕشتنی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیدا کردووە و پاشان بە شێوەی کارەکی شیکردنەوەیان بۆ کراوە فەزای بنەڕەتی و فەزای بونیادنەرەکانیان جیاکراوەتەوە، دواتر لە ڕێگەی هێڵکارییەوە نموونەکان شیکراونەتەوە، لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە شیکردنەوە و لێکدانەوەکانەوە بە دەستهاتوون، خراونەتەڕوو.

### 1/1) سیمانتیکی درکپێکردن

لەو ڕوانگە و بۆچوونەوە هەر قوتابخانە و ڕێبازێك، کە دروستدەبێت، تەنانەت لە چیرۆک و ڕۆمانێکدا، هێڵێک، یاخود چەند هێڵێکی جێگیر هەیە، هەمیشە و بەردەوام

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp80-89

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 28 أيلول 2025؛ قُبل في 23 تشرين الثاني 2025؛ نُشرت في 20 تموز 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: shaho.hamahussein@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2026 شاهو صالح حمەحسين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

هێڵەکانی تری قوتابخانەکە و ڕێباز و چیرۆک و ڕۆمانەکە لە خزمەت ئەو هێڵەدا دەبن، یاخود زۆربەی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنەکانیان لە سەر بنەمای ئەو هێڵە جێگیردەبێت، بۆ نموونە لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا سینتاکس و ڕۆڵی ڕێزمانی ناوەند و چەقی سەرەکی و بنەڕەتی قوتابخانەکەیان گرتبوو، لە زانستی زمانی درکپێکردنیشیدا بەرچاوترین و دیارترین لایەن و بوارێک، کە هەمیشە و بەردەوام لە شرۆڤە و لێکدانەوەی زانستی زمانی درکپێکردندا بوون و ئامادەگی هەمیشەیی و دیاری هەیە، بریتییە لە ( واتا ) تەنانەت خودی واتاش بەجۆرێکە، کە جیاوازە لە قوتابخانە و ڕێبازەکانی تری زانستی زمان، واتا لە زانستی زمانی درکپێکردندا وەک چەمک دەخرێتەڕوو، چەمک قاڵبەکەیە، کە واتا لە خۆدەگرێت و واتای تێدەکرێت. لە خودی چەمکیشدا ( کۆزانیاریی واتایی، بونیادی واتایی، دنیابینی...) ئاخێوەری تێدایە، بە شێوەیەکی تر دەتوانرێت بگوترێت، کە سیمانتیک ڕووبەرێکی فراوان و گرنگ لە زانستی زمانی درکپێکردندا دەگرێتەوە، بە جۆرێک، کە چەقی سەرەکی و بنەڕەتی قوتابخانەکە لە سەر بنەمای واتا دانراوە و لە دەوری واتادا دەسوڕێتەوە، بە شێوەیەک، کە باوەڕیان بەوە هەیە، لە زماندا واتا هەموو شتێکە. هەر لەبەر ئەم گرنگییەی واتا بوو، کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن بریتییە لە ( سیمانتیکی درکپێکردن). ئەم تیۆرەش باوەڕیوایە، کە (( دیاریکردنی نیشانە واتاییەکان و دانانی واتایەکی کۆنکریتی لە سیمانتیکی درکپێکردندا چەمکێکی هەڵخەڵەتێنەرە))، (حەمکریم، 73:2015)، هەربۆیە ئەمان نیشانە واتاییەکانیان ڕەتکردەوە، چونکە پێیانوابوو نیشانە واتاییەکان بە تەواوی ناتوانن واتای مەبەستی سەرەکیی کەرەستەکان بخەنەڕوو، بۆ نموونە:

**1-شەکر**

نیشانە واتاییەکانی بریتین لە :

+ شیرین
+ خواردن
+سپی
+قاوەیی

**2- شەکرەکە بکە ناو چاکەوە.**

**3-باوکم شەکرەیەتی.**

**4-قسەکانی ئەڵێی شەکرە.**

**5- شەکرێکی شکاند.**

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت، دەبینیرێت، کە تەنها لە نموونەی ( 2 ) دا، (شەکر ) بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکارهاتووە، لە هەریەکە لە نموونەکانی (3، 4، 5)دا بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکارنەهاتووە، لە نموونەی (3)دا مەبەست لە نەخۆشی شەکرەیە(Diabetes)، کە جۆرێکە لە نەخۆشی درێژخایەن و کەسی توشبوو کاتێك شتێکی شیرین دەخوات، توشی ئازار و ناڕەحەتی دەبێت، لە نموونەی (4)یشدا دیسانەوە بە واتای خۆی بەکارنەهاتووە، چونکە لێرەدا مەبەست لەوەیە، کە قسەکانی خۆشە و وەک شەکر شیرینە، هەندێکجار کاتێك کەسێک قسەیەکی ناخۆش دەکات و هەستی کەسی بەرانبەر بریندارەدکات، ئەوا نموونەی (5) بەرانبەر دەگوترێت، کە مەبەست لەوەیە قسەیەکی خراپی کرد، لەمەشەوە ئەو بۆچوونەی سیمانتیکی درکپێکردن ڕاست دەردەچێت، کە باوەڕیوایە نیشانە واتاییەکان چەمکێکی هەڵخەڵەتێنەرە، هەربۆیە بونیادە ڕێزمانییەکان و دەربڕینەکان ڕەنگدانەوەیە بۆ ئەو چەمکانەی لە ئاوەز و هزری ئاخێوەرەدان، نەک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو بوونە ڕاستەقینەیەی لە واقیعدا هەیە.

لە سیمانتیکی درکپێکردندا، (( زمان وەک دارشتەیەکی ئەبستراکت شیناکرێتەوە، بەڵکو وەک چۆنیەتی تێگەیشتنی مرۆڤ شیدەکرێتەوە))، (حەمەحسین، 16:2023)، کە ئەمەش زۆرجار پەیوەندیی بە ئەزموون و پەیپێبردن و شارەزایی ئاخێوەرانەوە دەبێت، واتە دەکرێت ئێمە یەک کەرەستەمان هەبێت، بەڵام لە لایەن دوو ئاخێوەرەوە بەچەمککردنەکانیان جیاواز بێت، بە ڕادەی ئەو درکپێکردن و شارەزایی و ئەزموونانەی، کە هەریەکەیان هەیانە، بۆ نموونە:

**6- ا-جگەرە مەکێشە خراپە.**

**ب چۆن دڵت دێت، خەم لابەرە**

دەربڕاوی دووەم ( کە وەڵامەکەیە) هی گەنجێکە، کە جگەرە هێشتا کاریگەری لەسەر تەندروستی نەکردووە، هەربۆیە نەک هەر بە خراپی نازانێت، بەڵکو بە هۆکارێکی باشی دەزانێت بۆ چارەسەکردنی خەمەکەی، لەبەرئەوە ئاخێوەر لە سەرنج و تێڕامانی بۆ کەرەستەو دیاردەکان بۆ ئەو پێکهاتەی واتا دەگەڕێتەوە، کە لە ئاوەزیدا بە نموونەبوون، خودی سیمانتیکی درکپێکردنیش پێیوایە، کە (( واتای زمانی لەم تیۆرەدا لە ئاوەزەوە سەرچاوەدەگرێت نەک وشە))، (حەمکریم، 58:2015)، واتە چۆن لە ڕوانگەی خۆیەوە واتا بە کەرەستەکان دەدات، پاشان لە ڕێگەی ئەو فەرهەنگە وشەیەی، کە لە ئاوەزیدا بۆ کەرەستەکە بەچەمکی کردووە، گوزارشتی لێدەکات، بۆ نموونە وشەیەکی وەک ( هەڵەبجە):


**7- هەڵەبجە خۆشترین شاری دونیایە.**

**8-هەڵەبجە ئازیزەکانی لە ئامێزگرتووە.**

**9-هەڵەبجە پایتەختی ئاشتییە.**

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت بۆمان دەردەکەوێت. تێڕوانینی کەسەکان بۆ هەڵەبجە لە ڕوانگەی ئەو بەچەمککردنەی، کە بۆ هەڵەبجەیان کردووە جیاوازە. نموونەی (7) هی کەسێکە، کە هەموو تەمەنی لە هەڵەبجەدا بوویێت و حەزنەکات شارەکە جێبهێڵێت، بۆیە لای وایە خۆشترین شاری دونیایە. نموونەی (8) هی ئاخێوەرێکە، کە لە کاتی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەدا سەرجەم ئازیزانی (کەسوکاری) لە دەستدابێت، بۆیە بەچەمککردنەکەی ئەم بۆ هەڵەبجە جیاواز دەبێت و وەک ئاخێوەری (7) نابێت، بەچەمککردنی ئاخێوەی (9)یەم ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە شارێکی ئارامە و تا ڕادەیەکی باش دوور لە هەموو توندوتیژی و شەڕێکەوە، ئەمە جگە لەوەی حکومەت خۆی ئەو نازناوەی پێبەخشیووە، بۆیە بەوە شێوە شارەکەی لە ئاوەزیدا بە چەمککردووە. لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە مادەم ئەزموون و شارەزایی و درکپێکردنی ئاخێوەرەکان جیاوازە، بۆیە بەچەمککردنەکانیشیان جیاواز دەبێت، لە خودی زانستی زمانی درکپێکردن و سیمانتیکی درکپێکردندا واتا بە بەچەمککردن وێنادەکرێت و دەناسێرێت، هەربۆیەش سیمانتیکی درکپێکردن (( ئاماژە بەو چەمکانە دەکات، کە لە ئاوەزی ئاخێوەردان، نەک ڕاستەوخۆ بۆ ئەو کەرەستانەی لە ناو جیهانی ڕاستەقینەدان( واقیعدان) ))، (Evan, 2007:195) خودی واتاش ئەزموونیانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و واتا لە سەر بنەما و تێڕوانین و بەرکەوتنە فیزیکی و

کۆمەڵایەتییەکان دروستدەبێت و بونیاد دەنرێت، دوای ئەمەش بەچەمککردن دروستدەبێت، کەواتە:




بەم پێیەش بێت بەچەمککردن هەنگاوی دوای بەرکەوتە و ئەزموونەکانە، ئەمەش دەبێت هۆی ئەوەی، کە شاوەچە لە نێوان کەسەکاندا بە پێی ئەو بەرکەوتنانە جیاواز بێت و دواتریش بەچەمککردنەکانیشیان جیاوازدەبێت، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە شاری ( سلێمانی) لە ڕوانگەی ئەم نموونانەی خوارەوە بدرێت، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت بە پێی ئەزموونکردنەکان (بەرکەوتنەکان) لە نێوان ئاخێوەرەکاندا جیاواز دەبێت:

**10- سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانییە.**

**11-سلێمانی شاری ئازادیی ڕادەبڕینە.**

**12- سلێمانی شارێکە سەوز دەچێتەوە.**

به وردبوونەوە لە نموونەکان شاوەچە بۆ ( سلێمانی) لە ڕوانگەی هەریەکە لە ئاخێوەرەکانەوە جیاوازە، لە نموونەی (10)دا ڕەنگە ئاخێوەرێک دەربڕیی بێت، کە کەسی شەهیدی هەبێت، یان لە نزیکەوە ئاگای لە ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی ئەم شارە بێت، نموونەی (11) لە لایەن کەسێکەوە دەربڕدراوە، کە بەردەوام دەیەوێت بڵێت سلێمانی ئازادی ڕادەبڕینی زۆرە و وەک شارەکانی تر نییە، نموونەی (12)یش هی ئاخێوەرێکە، کە لایەنگری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بێت و دەیەوێت بەم بونیادە ئەوە بگەیەنێت، کە شارەکە هی یەکێتییە، چونکە ڕەنگی سەوز گوزارشتکردنە لەو حیزبە. لە نموونەکانەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ هەڵهێنجرا، کە بەچەمککردنەکان و شاوەچەکان لە نێوان ئاخێوەراندا بە پێی بەرکەوتنەکان جیاوازدەبێت، کەواتە بەچەمککردنەکانیش جیاواز دەبێت، هەر لە خودی چەمکیشدا (( بونیادە واتایی و نواندنی کۆزانیاریی زمانی و جیهانبینی قسەکەران لێوە سەرچاوەدەگرێت))، (حەمەحسێن، 19:2023)، بەم پێیەبێت واتا لە ناو خودی چەمکدایە، نەک لەو شتەی، کە وشەکە لە جیهانی دەرەوە ئاماژەی بۆ دەکات، بۆ ئەوەی وشەکانیش بتوانرێت سەرجەمی ئەو درکپێکردن و پەیپێبردن و ئەزموون شارەزاییانەی ئاخێوەرانی تێدا کۆبێتەوە سیمانتیکی درکپێکردن پێشنیازی واتای ئینسکلۆپیدی دەکات.

(( ڕوانینی ئینسکلۆپیدی لە سیمانتیکی درکپێکردندا پێشنیازکراوە، تاوەکو فراوانترین ڕووبەر بۆ یەکە فەرهەنگییەکان بڕەخسێنێت لە پێناو تێگەشتنێکی باشتر و فراوانتردا))، (غەریب، 35:2016)، قوتابخانەکانی تری زمانەوانی هەر یەکەیان بە جۆرێکی دیاریکراو لە واتا و یەکە فەرهەنگییەکانیان دەڕوانیی، ئەمەش زۆرجار کێشەی بۆ دروستەکردن، چونکە هەمیشە بۆشاییەک بە جێدەما، کە وایدەکرد نەتوانرێت بۆچوونەکانیان و دیدی قوتابخانەکە بە تەواوەتی بپیکێت، بۆ نموونە لە نیشانە واتاییەکاندا زۆرجار نیشانەکان نەیاندەتوانی واتای تەواوی وشەکان بەدەستبخەن و تێکەڵبوون ڕوویدەدا، یاخود لە مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکیدا دیسانەوە نەدەتوانرا پشتی پێ بەسترێت، چونکە لە هەندێک ڕستەدا توشی کێشەی واتایی دەبوونەوە1، هەر لەبەرئەمەش بوو سیمانتیکی درکپێکردن پێسنیازی واتای ئینسکلۆپیدی بۆ واتای یەکە زمانییەکان کرد، چونکە لێرەدا زۆرترین لایەنی یەکە فەرهەنگییەکان دەخرێتەڕوو و چارەسەری کێشەی لێکتێگەیشتن دەکات، تەنانەت (( کۆزانیاری ئینسکلۆپیدی چوارچێوەی چەمکەکە دیاریدەکات))، (ابراهیم، 41:2019)، چونکە هەموو وشەیەک چوارچێوەیەکی سیمانتیکی لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە لە شێوەی ژمارە (1، 2)دا چوارچێوەی سیمانتیکی هەریەکە لە وشەکانی (قوتابخانە، نەخۆشخانە)مان خستووەتەڕوو:




شێوەی ژمارە (1)

چوارچێوەی سیمانتیکی قوتابخانە




...هتد

شیوەی ژمارە (2)

چوارچێوەی سیمانتیکی نەخۆشخانە

هەربۆیە کاتێک باس لە هەریەکە لە (قوتابخانە، نەخۆشخانە) دەکرێت، بەشێکی زۆری زانیارییەکان پەیوەست بەو دوو کەرەستەوە لەگەڵیدا چالاک دەبن و هەریەکە لەو وشانەمان بیردەکەوێتەوە، هەریەکە لە وشەکانیش ئاماژە بە لایەنێکی کۆزانیاریی وشەکە دەدات، بۆ نموونە:

**13- کێشی بەردەکە سوکە.**

**14- دەستی سوکە.**

**15-خۆت سوک مەکە.**

**16- سوک قسە بکە.**

لێکسیی / سوک/ لە هەریەکە لە بەکارهێنانی نموونەکاندا ئاماژە بە لایەنێک لە پێکهاتەی کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدی (سوک) دەدات، بە جۆرێک لە نموونەی (13)دا، بە واتای فەرهەنگی بەکارهاتووە، بەڵام لە نموونەکانی (14، 15، 16)دا واتای جیاواز دەگەیەنێت، بەمشێوەیە، لە نموونەی (14)دا بە واتای ئەوە دێت، کە لە کاتی دەرزی لێداندا ئازارت نادات، لە (15) دا مەبەست لەوەیە کەسایەتی خۆت لەکەدار مەکە، لە نموونەی (16)شدا بە واتای بە دەنگی نزم قسەکردن دێت، (( بە پێی سیمانتیکی درکپێکردن وشەکان تیاهەڵگری واتا نین، بەڵکو وشەیەک زیاتر بریتییە لە پێواژۆی جەختکردنەوە لە سەر دیاریکردنی لایەنێکی دیاریکراوی ئەوە چەمکەی وشەکە دەیەوێت ئاماژەی بۆ بکات))، (قادر، 423:2017)، واتە ئاخێوەر دەیەوێت گرنگی بە لایەنێکی واتایی ئینسکلۆپیدی وشەکە بکات و ئەو لایەنەش دەکات بە بنەمای ئاخاوتنەکانی، بۆ نموونە:

**17-عەشق واتە بەیەکتر نەگەیشتن.**

لە کۆی ئەو زانیارییانەی لە (عەشق)دا هەیە، ئاخێوەر لایەنی بە یەکتر نەگەیشتنی کردووە بە بنەما بۆ دەربڕینی ئاخاوتنەکەی، چەندین لایەنی تر لە (عەشق)دا هەیە، هەرچەندە بە یەک نەگەشتنیش لایەنێکی (عەشق)ە، چونکە (( واتای ئینسکلۆپیدیای سەرجەم ئەو واتایەنە دەگرێتەوە، کە وشەکان لە باردۆخە جیاوازەکاندا هەیانە))، (حمەحسین، 18:2023)، تەنانەت بەشێکی زۆری زانایانی زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیانوایە، کە ((هیچ سنور و بەربەستێک لە نێوان واتای سیمانتیکی و پراگماتیکدا دانانێن، هەردووکیان کردووە بە یەک و بە کۆزانیاری ئینسکلۆپیدییەی ناسێنراوە))، (صالح، 70:2022)، تەنانەت هەندێک لە زانایانی زانستی زمانی درکپێکردن شێلگیرانەتر لە سەر ئەو بابەت دەوەستن و باوەڕی بەوە نییە، کە واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی جیاوازبن، بۆیە واتای سیمانتیکی بە واتای ئەبستراکت و واتای پراگماتیکی بە واتای بەرجەستەکراو/کۆنکریتی داناوە، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت، ڕوانینی ئینسکلۆپیدیایی خودی بەچەمککردنیش دەگرێتەوە، چونکە بەچەمککردنیش(( بەرهەمی ئەو لێکدانەوەیەیە بۆ زانیارییە درکپێکراوەکان سەبارەت بە بارودۆخێک، یان شتێک دەکرێت))، (عوسمان، 71:2024). هەرئەمەش وادەکات واتا و بەچەمککردنەکان بە پێی شوێن و ئەزموون و کات و گۆشەنیگای ئاخێوەران، یاخود ڕووداوەکان جیاواز بێت، بۆ نموونە لە کۆزانیایی واتای ئینسکلۆپیدیی ( هەولێر)دا، تا کاتی بەزاندی سوپای (هۆلاکۆ) شارەکە نازناوی (هۆلاکۆبەزێنی) وەرنەگرتبوو، بەڵام دوای ئەو ڕووداوە ئەم نازناوە چووە سەر کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیی (هەولێر)، بۆ کەسەکانی پێش ڕووداوەکە ئەم نازناوە نەبووە بە بەشێک لە کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیان سەبارەت بە (هەولێر)، بەڵام بۆ ئاخێوەرەکانی دوای ڕووداوەکە بووە بە بەشێک لە کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیان.

(شنۆ عەولا حەمەئەمین)یش پێیوایە، کە (( ئەوەی لە واتاسازیی زانیندا(درکپێکردندا) جەختی لە سەر دەکرێتەوە ئەوەیە تەنها پشت بە یەک ڕەهەند نابەستێت بۆ گەیشتن بە واتایەکی تەواو و مەبەست زیاتر گشت لایەنە زمانی و نازمانییەکان بەهای خۆیان هەیە، بە تایبەتی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەلسەفی و ئەفسانەی و کلتور ... هتد))، (108:2023)، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەکەی کوردیدا، دەربڕاوێکی وەک نموونەی (18) جگە لە دەرخستنی کات، تایبەتمەندی کاتەکە و دەوروبەرە کلتوریەکەش دەخاتەڕوو:

**18- بێزەحمەت بۆ چێشتەنگاو نان و ماستمان بۆ بێنە.**

هەمان دەربڕاو لە کۆمەڵگەیەکی تردا، ڕەنگە هیچ واتایەک نەگەیەنێت، بەم پێیە کۆمەڵگە و کلتورەکە کاریگەری لە سەر واتای ئینسکلۆپیدی دەربڕاوەکە هەبوو.

**2/1) تیۆری فەزا ئاوەزییەکان (Mental space theory)**

تیۆری فەزا ئاوەزییەکان بۆ یەکەمجار لە لایەن (Fauconnier) لە ساڵی (1985) بۆ چارەسەرکردنی هەندێک کێشەی زمانەوانی پێشنیازکراوە، بە تایبەت کێشە جۆربەجۆرەکان لە سەر واتا و ئاماژەکانی بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە، دواتر ئەم تیۆرە گرنگییەکی تایبەتی بۆ زمانەوانی بە دەستهێنا و بوو بە تیۆرییەکی هەمەلایەن لە زمانەوانیدا، بە تایبەتیش لە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردندا، (( بیرۆکەی پەسنکردنی دیاردە زمانییەکان بە بەکارهێنانی فەزا ئاوەزییەکان سەرەتا لە چوارچێوەی فەلسەفەی زماندا دەستپێیکرد، بۆ ئەوەی یارمەتی دەربێت لە ڕواندنەوەی نیگەرانییە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە ئاماژە و واتا))، (Brandt, 2013:200)، هەندێک کات ڕستە و دەربڕاوەکان کاتێک دەردەبڕدرێن، دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر واتای جیاوازی لێبکەوێتەوە، ئەمەش کێشە بۆ تێگەیشتن دروستدەکات، هەربۆیە فەزا ئاوەزییەکان هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم جۆرە لە دەربڕاو و ڕستەکان دەدات، تەنانەت زۆرێک لە چالاکییە درکپێکردنەکانی ئێمە، کە لە زماندا ڕوودەدەن و دروستدەبن لە سەر بنەمای بەراوردکردنی شتێك لەگەڵ شتێکی تردا (دیکەدا) لە بۆشایی ئاوەزیدا دروستبووە، ئاخێوەران زۆرجار دۆخی ئێستا لەگەڵ دۆخێکی تر، یاخود دۆخێکی پێشووتر بەراورد دەکەن، بۆ نموونە:

**19-کەش و هەوای ئەمڕۆ گەرمە.**

لێرەدا ئاخێوەر دۆخی ئێستای لەگەڵ دۆخێکی تردا بەراوردکردووە، ئەمەش فەزا ئاوەزییەکەی دروستکردووە، هەربۆیەش تیۆری فەزا ئاوەزییەکان (( کار لە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بۆ بنیاتنانی واتا و یارمەتیدانی گوێگر لە ڕاڤەکردنی واتا شاراوەی دەربڕاوەکان دەکات، لەمڕووەوە هەنگاوی یەکەم بۆ بنیاتنانی واتای ڕستەیەک، پێکهێنانی فەزای ئاوەزی گونجاوە))، (محمد، احمد، محمد، 75:2023)، ڕەنگە ڕۆژانە ئاخێوەران توشی چەندین ڕووداو و ئەزموون و دیاردەی جۆراوجۆر بن، هەریەکە لەمانە پێویستیان بە دەربڕاوی گونجاو دەبێت، بۆ نموونە کاتێک لە ترافیک لایتێکدا منداڵێک خەریکی سواڵکردنە، یاخود کاتێک کەسێک توشی شەڕدەبێت، دەبێت هەوڵبدات لەو فەزا ئاوەزییە جۆربەجۆرانەی، کە بۆ سەرەتای ناخۆشی و شەڕی دوو کەس بەکاردێن، گونجاوترینیان هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە گونجاوترین شێوە ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە ببێتەوە، کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، هەر لەم ڕووەوە (Fauconnier ) پێیوایە، کە ((شیانەکانی لێکدانەوەی هاوواتا پەیوەستدەبن بە بۆشاییە بەردەست و پەیوەستکارەکانی ناو ئەو پێکهاتەیەی، کە ڕستەیەک تێدا دەردەبڕدرێت ))، (1994:xxi)، کە هەندێکجار ڕەنگە زیادبکرێن، ئەویش کاتێک زانیارییەکی تر بۆ ڕستەکەدا زیاد دەکرێت، یان لە تایبەتمەندییە ڕێزمانیەکانی ڕستە نوێییەکە، یاخود لە هۆکارە پراگماتیکییە نازمانییەکان، یان هەر لەو هۆکارانەی، کە لە بەردەستی ئاخێوەردان، بۆ نموونە:

**20-نەوتەکەی هەرێم دەستی بە سەردا گیرا.**

لێرەدا ئەگەر هاتوو ئاخێوەر هەر هۆکارێکی پراگماتیکی وەک ( تێگەیشتن، جۆری دەربڕین ...) بەکاربهێنێت کار لەو فەزا ئاوەزییە دەکات، کە ڕستەکەی تێدا دەبڕاوە و دەبێتە هۆی ئەوەی، کە لێکدانەوە و ژمارەی فەزا ئاوەزییەکان زیاد بکات، کەواتە فەزا

ئاوەزییەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەی بتوانرێت لە زۆرترین گۆشەنیگاوە سەیری دیاردە و دەربڕاوەکان بکرێت، بە واتایەکی تر کارکردنی زانستی زمانی درکپێکردن بە جۆرێکە، کە لە ڕێگەی چەندین تیۆری و وەچەتیۆرییەوە هەوڵدەدات، سەرنج و تێبینی و کارکردن و لێکدانەوەی درکپێکردنانە بۆ زمان و دەربڕاوە زمانییەکان بخاتەڕوو، بۆ ئەوە بتوانێت لە زۆرترین ڕووبەر و بینینەوە باشترین لایەنی دەربڕاوەکان و درکپێکردنەکان شیبکاتەوە. مەبەستیش لە درکپێکردن ((توانای ناسینەوە و بە یادهێناوە، بینینی شت و ڕووداو و دیاردەکان لە زۆرترین گۆشەنیگاوە، کە ئەم گۆشەنیگایانە تەنها و تەنها پەیوەست نابێت بە زمان و وردەکارییە زمانییەکانەوە، بەڵکو دەربڕاوەکان تێهەڵکێشن و ئاوێتەی جەندین بوار و پێکهێنەری ترن لە چەشنی ( زیرەکی، یادەوەری، شوێن و کات، ناسینەوەی ئاوەزی مرۆڤ))، (غەریب، 40:2024)، مادەم درکپێکردنی ئاخێوەران بەو هۆکارانەی سەرەوە جیاوازبوون، کەواتە فەزا ئاوەزییەکانیشیان جیاواز دەبێت، بۆ نموونە وشەی (قڵیشایەوە) لە لایەن ئاخێوەرانی کوردزمانەوە فەزا ئاوەزییەکەی جیاوازە، چونکە بەشێکی ئەو ئاخێوەرانەی، کە ئەزموون و بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا هەبووە و بەرجەستەیان کردووە، لێکدانەوەی جیاوازیان دەبێت، لەگەڵ ئەوانەی دیاردەکەیان ئەزموون و بەرجەستە نەکردووە و بەو کاتەدا تێنەپەڕیوون، تەنانەت هەندێک کات فەزا ئاوەزییەکان بریتین لە ((نوێنەرایەتیکردنی دیمەنی باردۆخەکان لە سیناریۆیەکی دەربڕینی دیاریکراودا، وەک ئەوەی لە لایەن ئاخێوەرەوە هەستپێکراوە، خەیاڵکراوە، لە بیرکراوە، یان بە شێوەیەکی تر تێگەیشتووە، پێناسەدەکرێت))، (Oakley, Hougaard, 2008:29)، کەواتە فەزا بونیادنەر لەو چیوارچێوەی، کە ئاخێوەر مەبەستێتی دایدەڕێژرێت، بۆیە زۆربەی کات ئاخێوەران لە سەر تایبەتمەندیی کەسی دیمەنەکان دانارێژن، بەڵکو لە سەر باردۆخە هاوشێوەکانی پێشووتر دیمەنەکان و دەربڕینەکان دادەڕێژن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەرنج لەم نموونانەی خوارەوە بدەین:

**21-هەولێر و بەغداد لە سەر نەوت ڕێککەوتن.**


**ا-فشەیە کەسیان پابەند نابن.**

**ب-هەردوو مانگە و تەواو.**

**پ-قەت هەرێم نەوت تەسلیم ناکات.**


ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (ا، ب، پ) بدرێت، ئەوا دەردەکەوێت، کە ئەم دەربڕینانە لە سەر تێڕوانینە ڕاستەقینەکانی ئێستای ئاخێوەران دانەڕێژراوە، بەڵکو هەموو دەربڕینەکان لە سەر بنەمای ئەو ڕووداوانە بونیادنراوە، کە پێشتر ئاخێوەران ئەزموونیان کردووە، چونکە لە پێشتردا هەمان شت گوتراوە، بەڵام ئەنجامەکەی دەربڕینەکانی (ا، ب، پ) لێکەوتووەتەوە، لێرەدا ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەبێت، کە فەزا جیاوازەکان لە سەر بنەمای ئەزموونە جیاوازەکانی پێشووتر دروستبووە.

کاتێکیش فەزایەک دروستدەبێت، لە ڕێگەی گفتوگۆوە پەیوەندی بە فەزای ئاوەزی دیکەوە دەکات، لە هەر قۆناغێکی گفتوگۆدا یەکێک لەو فەزایانە دادەمەرزێن، جارێکی تر لەگەڵ پێشکەوتنی گفتوگۆکەدا فەزا ئاوەزییەکان بڵاودەبنەوە بۆ تۆڕێک و پەیوەندی لە نێوانیاندا دروستدەبێت، وەک نموونەی (زانکۆ)، کە لە هێڵکاریی ژمارە (2) ڕوونکراوەتەوە:



**هێڵکاریی ژمارە (١)**

**بڵاوبوونەوەی فەزا ئاوەزییەکان**




**هێڵکاریی ژمارە (٢)**

**بڵاوبوونەوەی فەزا ئاوەزیی (زانکۆ)**

بە پێی هێڵکارییەکەی سەرەوە بێت، کەرەستەکان و دەربڕاوەکان ڕاستە هەندێک کات فەزای بونیادنەرن، بەڵام دەشێت لە دەربڕین و شوێنی تردا ببنەوە بە فەزای بنەڕەتی، تیۆرەکە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە لە کاتی گفتوگۆ و دەربڕینەکاندا ئاخێوەر پەیوەستە بەو فەزایەی کە لە ژینگەی گفتوگۆ و دەربڕینەکەیدا هەیەتی، لەمەشەوە (( فەزا ئاوەزییەکان پێکهاتە گەلێکن، مرۆڤ بە پێی درکپێکردنەکانی لە جیهان و پشتبەستن بە ئەزموونەکانی لە جیهانی دەوروبەری لە ئاوەزیدا بنیاتیاندەنێت))، (محمد، احمد، محمد، 75:2023)، تەنانەت هەڵبژاردنی وشەکانی بۆ گوزارشتکردن لە چەمکێک هەر پەیوەستی دەکات بەو فەزاییەی، کە ئاخێوەر چۆن لە ژینگەی قسەکردنەکەیدا بەو فەزایە لە دەوروبەر تێدەگات، هەربۆیە (Brandt) باوەڕیوایە، کە فەزا ئاوەزییەکان (( بوون و پەیوەندییان لە هەر دەربڕاوێکدا بەو جۆرەیە، کە لەلایەن ئاخێوەرەوە هەستپێکراوە، خەیاڵکراوە، لە بیرکراوە، یاخود بە شێوەیەکی تر تێگەیشتووە))، (2013:205)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیۆری فەزا ئاوەزییەکان زۆرتر ڕەنگدانەوەی ئەزموون و بەرکەوتنە تاقیکراوەکەی ئاخێوەرە، لە خودی ئەو ژینگە و دەوروبەرەی، کە تێیدا بووە، بەڵام هەمیشە و بەردەوام مەرج نییە، کە ئەوانەی لای ئاخێوەر ڕاستبوون، لە واقیعیشدا ڕاست بێت، بەڵکو هەندێکجار جیاواز دەبێت، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**22-خوێندن دەتگەیەنێتە ئامانجەکەت.**

**23-خوێندن قوڕی کرد بە سەرمدا، هەموو تەمەنم ڕۆیشت.**

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (22، 23) بدرێت، وشەی (خوێندن) لە فەزای ئاوەزی هەریەکە لە ئاخێوەری(22، 23) فەزایەکی ئاوەزی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەو ڕاستییەی، کە هەریەکەیان دەیبینن، نەک ئەو ڕاستییەی، کە لە واقیعدا چۆنە، ئەمەش جیاوازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی جۆری ئەو فەزایەی، کە لای هەریەکەیان هەیە، کە لە تیۆری فەزا ئاوەزییەکاندا دوو جۆر فەزا دیاریکراوە، ئەوانیش بریتین لە:

**ا- فەزای ئاوەزی بنەڕەتی، کە مەبەست لێی حەقیقەت و واقیعە.**

**ب- فەزای ئاوەزی بونیادنەر، کە مەبەست لێی دونیابینی و چۆنیەتیی ڕوانینی ئاخێوەرە لە سەر واقیع.**

بەبۆچوونی ( Fauconnier )، (( هەموو تۆڕەکانی دەربڕینی فەزا ئاوەزی لە فەزایەکەوە گەشە دەکەن، کە پێی دەگوترێت ( فەزای بنەڕەتی )، کە نوێنەرایەتی خاڵی دەستپیکی دەربڕین و بونیادنانی واتا/مانا دەکات))، ( Qakley, Hougaard, 2008:3)، بەم پێیە بێت هەموو دەربڕاوێک لە فەزایەکی بنەڕەتییەوە دەستپێدەکات ، پێویستە فەزا بنەڕەتیەکەش ڕەنگدانەوەی زۆرترین دنیابینی و درکپێکردن و پەپیپێبردن و کلتور و دابونەریتی کۆمەڵگەکە بێت و دواتر لە ڕێگەی ئەوەوە فەزا بونیادنەرەکانی لە سەر بونیاد دەنرێت، بۆ نموونە:

**24-زانکۆ شوێنی بە دەستهێنانی زانست و مەعریفەیە.**

**ا- زانکۆ بوو بە شوێنی پێدانی شەهادەی بێ ناوەڕۆک.**

**ب-زانکۆ هەر بۆ کەپڵ کەپڵێنە.**

**پ-زانکۆ تاکێکی بێ ناوەڕۆک و مەعریفە بەرهەمدەهێنێت.**

هەر هەموو ئەم نموونانەی سەرەوە هیچیان لەو ڕاستییە ناگۆڕن، کە زانکۆ شوێنێکە بۆ خوێندن و خوێندکار لە کۆتاییدا بڕوانامەیەکی بڕواپێکراوی تێدا بە دەستدەهێنێت، بەڵام ئەو فەزا بونیادنەرانەی، کە دروستبوون، لە لای هەریەکە لە ئاخێوەرانی (ا، ب، پ) جیاوازە، لە ڕوانگەی فەزا ئاوەزییەوە مرۆڤ توانا و زیرەکیەکی باشی هەیە، بۆ پەپێبردن و درکپێکردنی ئەو فەزایانەی، کە تێیدا دەژی، واتە ئەو بۆشایی و فەزایەی، کە ئاخێوەرەکە قسەی لێدەکات و دەربڕینەکانی دەردەبڕێت، هەر ئەمەشە وادەکات، کە مەرج نییە واتا و مەبەستی وشەکان لە واتای خودی وشەکانەوە بە دەستبهێنرێت، بەڵکو پەیوەندی بە کۆزانیاری کەسەکانەوە هەیە، کە دەگونجێت لە فەزای ئاوەزییانەوە بە دەستهێنرابێت، کۆزانیاریەکەش لە سەر بنەمای بەرکەوتنە فیزیکی و کۆمەڵایەتی و ئەزموونەکان بونیاددەنرێت، بەڵام دەکرێت هەریەکە لەم ئەزموون و بەرکەوتنانە لە نێوان ئاخێوەرانی یەک زماندا هاوبەش بن، هەربۆیە فەزای بنەڕەتی لەم کاتەدا (( ئەو زانینە هاوبەش و زانراوانەیە، کە ڕاستەقینەن و ئەکەونە مەودای نێوان ئاخێوەر و گوێگر و بابەتیانەن))، ( غەریب، 45:2024)، پێویستە زۆربەی کات لە فەزا بنەڕەتییەکەدا زانیاریی هاوبەش هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە کاتی گفتوگۆکردندا فەزاکانی تری لە سەر بونیادبنرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو زانینەکە هاوبەش نەبوو، ئەوا بە دەگمەن بونیادە بنەڕەتییەکە دروستدەبێت، بۆ نموونە لە نێوان ئاخێوەرێکی گەنج و ئاخێوەرێکی بە تەمەنی کوردزماندا باس لە خواردنێکی وەک ( ڕیزۆ ) بکرێت، ڕەنگە لای ئاخێوەرە بە تەمەنەکە هیچ فەزایەکی بونیادنەر دروست نەبێت، چونکە لە واقیعدا فەزا بنەڕەتیەکە هیچ زانیاریی هاوبەشی بۆ هەر دووو ئاخێوەرەکە تێدا نییە، تیۆری فەزا ئاوەزییەکان تێڕوانینی بۆ بینینی کەتوار و ڕاستی بە پێی ئەو ژینگەیەیە، کە تێیدا دەژین، بۆیە مەرج نییە وشە و دەربڕینەکان بەو کەتوار و ڕاستیە ببنرێت، کە لە واقیدا هەن، لەبەرئەمەشە فەزای بنەڕەتی (( فەزای بنەڕەتییە و بە گشتی پەیکاڵە لەگەڵ کەتوار و فەزای دووەم (فەزای بونیادنەر) بەشێکە، کە لە فەزای یەکەمەوە سەرچاوە دەکرێت و ڕەنگە خاوەنی گوزارشتێکی ڕاستەقینە، یان، خەیاڵی، یان گریمانە کراو، یان ئەنجامی تێڕوانین و دنیابینینی لە ڕاستییەکانی تر بێت))، (محمد، احمد، محمد، 76:2023)،

ئەم تێڕوانینە دەمان باتەوە بۆ یەکێک لە بنەما گرنگەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، کە بریتییە لە پێواژۆی بە چەمککردن. ئەمەش لە ڕوانگەی ئاخێوەرانەوە بە چەمککردنەکان جیاواز دەبێت، کاتێک دەگوترێت گریمانە کراوە، یان ئەنجامی تێڕوانین و تێڕامانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، مەرج نییە فەزای بونیادنەر ڕاستەقینە بێت، بۆ زانیاریی زیاتر با سەرنج لەم نموونەیە بدرێت:

**25-بەشی دەرمانسازی ساڵی پار کۆنمرەی (97)ی وەرگرتووە.**

**ا-گریمانە دەکەم ئەمساڵ (96) وەربگرێت.**

**ب- ڕەنگە لاڤین لەوێ وەربگیرێت، چونکە(96.5)ی هێناوە.**

نموونەی (25) فەزا بنەڕەتییەکەیە، بەڵام نموونەکانی (25-ا، 25-ب)، کە لە ڕوانگەی ئەوەوە بونیادنراون بریتین لە فەزای بونیادنەر، کە لە دەربڕینەکانیانەوە دەردەکەوێت دەربڕینێکی ئەگەر و گریمانەییە و تەنها تێڕوانینی ئاخێوەر خۆیەتی بۆ ئەو واقیعەی تێبینیکردووە، کە مەرج نییە هەمان ئەو شتە ڕوودەدات، کە ئەو پیشبینیکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرترین و زیاتر فەزای ئاوەزی دەتوانێت باشترین و نزیکترین ڕاستی و واقیع بۆ دەربڕاوەکان بونیادبنێت و کۆی بکاتەوە هەندێکجار هەر لە سەر ئەم بنەمایە پێشبینیەکان بۆ داهاتوو دەکرێت.

لە کۆی ئەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە فەزای ئاوەزی یارمەتی دەرێکی باشی مرۆڤن بۆ گوزارشتکردن لەو واقیع و ئەزموونەی، کە تێدایەتی و دەتوانێت فەزا بنەڕەتیەکەی بو چەندین فەزای بونیادنەر گوزارشت لێبکات، ئەمەش یارمەتی دەدات تا بتوانێت بە شێوەیەکی باش و سەرکەوتوو دەربڕینەکانی دەرببڕێت و واقیعەکەی ژیانی گوزارشت لێبکات، چونکە چەندین بژاردەی لە بەردەمدایە، کە دەتوانێت بە پێی ئەو شوێن و کەس و ژینگەی تێیدایەتی دەریان ببڕێت.

### 2) پەپێبردنی کارەکییانەی ئەندامەکانی جەستە لە ئیدیۆمدا

لەم بەشەدا شیکردنەوە و لێکدانەوە لە ڕوانگەی فەزا ئاوەزییەکانەوە بۆ یەکەیەکی زمانیی وەک ئیدیۆم[2] دەکرێت و لە ڕوانگەی ئەو ڕووبەرە جەستەییانەی، کە لە بونیادنانی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیدا بەشداریانکردووە، لە زانستی زمانی درکپێکردندا یەکێک لەو خاڵانەی جەختی لە سەر دەکرێتەوە بریتییە لە ئەزموونکردن، کە ئەم ئەزموونکردنەش لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە دەبێت، هەریەکە لەم هەستەوەرانەش ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە یەکێک لە ڕووبەرە جەستەییەکانەوە هەیە، هەوڵدەدەین لەم بەشەدا بە وردی ئەو ڕووبەرە جەستەییانە دیاریبکەین، کە لە بەشێک لە بونیادنانی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیدا بەشداریانکردووە و دواتر لە ڕوانگەی فەزا ئاوەزییەکانەوە شیکردنەوەی بۆ دەکەین و فەزای بنەڕەتی و فەزای بونیادنەریان جیادەکەینەوە، هەر لەوەشەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بەشێکی زۆری ئەم جۆرە ئیدیۆمە لە ڕوانگەی فەزای بونیادنەرەوە بونیاد نراون و دروستبوون، چونکە لە زۆربەی لە ئیدیۆمەکاندا ڕووبەرە جەستەییەکان بە واتای بنەڕەتی خۆیان بە کارنەهاتوون، بەڵکو ئامانج لێیان واتایەکی ترە، کە ئەمجۆرە واتایە لە فەزای ئاوەزیدا بریتییە لە فەزای بونیادنەر، هەربۆیە هەوڵدەدەین واتای بنەڕەتی ڕووبەرە جەستەییەکە دیاریبکەین و پاشان ئەو واتایە دیارییکەن، کە فەزا بونیادنەرەکە بونیادی ناوەوە، بووەتە هۆی داڕشتنی ئیدیۆمەکە.

ئامانجیش لە بەکارهێنانی واتای بونیادنەر لە ئیدیۆمدا ئەوەیە، کە (( ئاخێوەر کاتێک پەیامێک ئاڕاستەی گوێگر دەکات، هەوڵدەدەت وتەکانی کاریگەری و هێز بەجێبهێلیت تاوەکو ببێتە جێگەی متمانە و ڕازیکردنی بەرامبەر، لە پێناو بە دەستهێنانی ئەم مەرامە

پەنا دەباتە بەر چەندین شێواز و ڕێگە، یەکێک لەوانە بریتییە لە (ئیدیۆم)، کە دەربڕاوێکە ئامادەکراوە لە زماندا، کە ناتوانرێت واتاکەی لە واتای وشە پێکهێنەرییەکانییەوە بەدەستبهێنرێت.))، (صالح، 73:2022). ئەم جۆرە واتاییە، کە لە ئیدیۆمدا هەیە زۆرجار پەیوەندی بە دابو نەریت و کلتوری کەسەکانەوە هەیە، بێگومان ئامانجیش لە دەربڕینی ئیدیۆمەکان مەبەستێکی ترە لەو مەبەستەی، کە بە هۆی وشەکانەوە داڕێژراون، هەربۆیە کۆزانیاریی ئاخێوەران هۆکارێکی گرنگە بۆ توانای تێگەیشتن لە ئیدیۆمەکان، سیمانتیکی درکپێکردنیش زۆربەی کات هەوڵدەدات لە ڕێگەی زمانەوە لە ناسین و توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، چونکە ئەو کۆزانیارییانەی لە لای هەر ئاخێوەری زمانێک دروستدەبێت، هۆکارەکەی بۆ ئەزموون و شارەزایی ئەو ئاخێوەرە لەگەڵ ژینگە و جیهانی دەرەوەدا دەگەڕێتەوە، (( بە گشتی لە بۆشایی بونیادنەردا ئاخێوەران سیناریۆی جیاواز بۆ باردۆخی ئاخاوتن و خودی بابەتی قسە لە سەرکراویش دەسازێنن))، ( غەریب، 47:2024). هەر لەم ڕوانگەیەشەوە سەیری ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی بکرێت، دەبینرێت، کە لە سەر هەمان بنەما دامەزراون و دروستبوون، بۆ نموونە دەکرێت ( دەست )، کە ئەندامێکی لاشەیە لە چەندین ئیدیۆمدا و بۆ چەندین مەبەستی جیاواز بەکارهاتبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە (( پەیوەندیی نێوان توانا درکپێکردنەکان و ئیدیۆم پەیوەندیەکی بەهێز و تۆکمەیە))، (صالح، 74:2022)، لەم بۆچوونەشەوە بە ئاشکرا و ڕوون هەست بە ڕەنگدانەوە و توانەوەی ڕووبەرە جەستەییەکانی وەک ( سەر، دەست، مل، دڵ، چاو، ...هتد) لە ئیدیۆمەکاندا دەکرێت، هەربۆیە توێژینەوەکە هەوڵدەدات ئاماژە بە هەندێک لە ڕووبەرە جەستەییەکان[3] لە ئیدیۆمدا بکات و پاشان نموونەی گونجاو بۆ هەریەکەیان بهێنێتەوە و فەزای بنەڕەتی و فەزای بونیادنەرەکەیان دیاریبکات:

**1-سەر**

یەکێکە لەو ڕووبەرە جەستەییانەی، کە ڕۆڵێکی فراوانی لە داڕشتنی ئیدیمەکانی زمانی کوردیدا بینیووە، لە ئاوەزمەندی کوردیدا بەشێکی زۆری ئەو وشانەی، کە (سەریان) تێدایە، واتایەکی ئەرێنی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بۆ نموونە وەک وشەکانی (سەرکردە، سەرگەورە، سەرکار، سەرۆک،... هتد)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەرەستەی ترمان هەیە، کە ( سەریان) تێدایە و واتاکەشیان نەرێنییە، وەک لەم کەرەستانەدا دەبینرێت: ( سەرحیز، سەرەخۆرە، سەر بەگۆبەن، ...هتد)، لە ڕوانگەی تیۆری فەزا ئاوەزییەکانیشەوە ئەگەر سەرنج لەو ئیدیۆمانەی زمانی کوردی بدرێت، کە ( سەر ) یان تێدا بەکارهاتووە، ئەوە دەبینرێت، بەشێکی زۆریان لە سەر بنەمای فەزای بونیادنەر دروستبوون و داڕێژراون، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەرنج لەم نموونانەی[4]خوارەوە بدرێت :

-واتای فەزای بنەڕەتی سەر بریتییە لە ئەندامێکی جەستە هەر کاتێک بەو واتایە بە کارهات ئەوە مەبەست لە فەزای بنەڕەتیەکەیەتی[5]. وەک:

**26- سەرم ئازاری هەیە.**

فەزا بونیادنەرەکانی سەر لە ئیدیۆمدا وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

**27-سەری دەرهێنا. (پێگەیشت)**

**28-سەر ساردە. (هێمنە)**

**29-سەر گەرمە. ( توڕەیە)**


**30-سەرنەرمە ( زوو ملدەدات)**

**31-سەری تەقەی دێت. ( تێناگات)**

**32-سەری خوارد ( بە کوشتنی دا)**

**33-سەری خۆی هەڵگرت. (ڕۆشتن لە شوێنێک)**

**34- سەری لەبەر هەتاو سپی نەکردووە.( بە کەسێک دەگوترێت ئەزموونی هەبێت**




**هێلکاری ژمارە (٣)**
**فەزای ئاوەزی سەر**

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت، هەریەکەیان فەزایەکی بونیادنەری جیاوازیان هەیە، بە جۆرێک لە (27) بە واتای پێگەیشتن دێت، ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی، کە منداڵ لە دایک دەبێت سەرەتا سەری دێتە دەرەوە، یاخود لە نموونەی (32) دا، کە دەڵێن (سەریخوارد ) کە لە فەزا بنەڕەتیەکەدا واتای ئەوە دەگەیەنێت ، کە کەسە سەری پێوە نەماوە و خوراوە، دیارە کەسێکیش سەری پێوە نەمابێت، ئاوا ناژی و وەکو مردووی لێدێت، بەڵام لە فەزا بونیادنەرەکەدا بە واتای خواردنی سەرکە نایەت، بەڵکو بە واتای کوشتنی کەسەکە دێت.

**2-دەست**

لە جەستەی مرۆڤدا یەکێک لەو هەستانەی، کە دەست ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینرێت بریتییە لە هەستی بەرکەوتن، هەر ئەمەش وای کردووە کاتێک مرۆڤ دەست بۆ شتانێک دەبات و دەستیان لێدەدات، لێکدانەوە و درکپێکردنی جیاواز بێت بۆی و لەوێشەوە هەڵهێنجان و مەبەستی جیاواز دەربڕێت، تەنانەت هەندێک جار هەر خودی دەست خۆی دەبێتە نوێنەر بۆ ئاخێوەرێک، کە ژیانی چۆنە و چۆن گەورە بووە، ئەمانەش بەشێکی زۆری لە ئیدیۆمەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، وەک لەم ئیدیۆمانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

فەزا بونیادنەرەکانی دەست لە ئیدیۆمدا بریتین لە :

**35-دەستبڵاوە. ( بە مەسرەفە)**

**36-دەستە و ئەژنۆ دانیشتووە. ( خەم و خەفەتی هەیە)**

**37-دەست بەتاڵە. (ئیشی نییە)**


**38-دەست پیسە. ( دزە)**

**39-دەست کورتە. ( هەژارە/پارەی نییە)**

**40-دەستی بڕی. ( هەڵی خەڵەتاند)**

**41-دەستی گرت. ( یارمەتیدا)**

**42-دەستی بە ڕوودانا. ( ئیشەکەی بۆ نەکرد)**




**هێڵکاری ژمارە (٤)**

**فەزای ئاوەزی دەست**

(دەست) لە هەریەکێک لە نموونەکاندا فەزای بونیادنەری جیاوازی بەرهەمهێناوە، کە لە فەزا بنەڕەتییەکەی جیاوازە، لە نموونەی (35)دا، مەبەست لەو کەسانەیە، کە پارە زۆر خەرجدەکەن، چونکە دەست بۆ هەموو شتێک دەبات و پارەی تێدا خەرجدەکات، لە کاتێکدا نموونەی (41) بە واتای ئەو دێت کەسێک یارمەتی یەکێک بدات و لە ناخۆشیەک دەریبهێنێت، هەر ئەمەشە بووەتە هۆی بونیادنانی فەزا بونیادنراوەکە.

## 3-دڵ

دڵ جیاواز لە زۆربەی ئەندامەکان هەمیشە وەک هێمای ژیانیش سەیر دەکرێت، زۆرجار کەسێک دەمرێت یەکسەر دەگوترێت ( دڵی وەستاوە )، تەنانەت بۆ مان و نەمانی کەسێک دەگوترێت: ( جارێ هێشتا دڵی لێدەدات )، بەشێکی زۆری ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی، کە ( دڵ )یان تێدا بەکارهاتووە، هەر لە ڕوانگەی ئەم درکپێکردن و پەیپێبردنانەی ئاخێوەرانەوە دروستبوون بۆ ئەم ئەندامەی جەستە، وەک چۆن لەم نموونانەی خوارەوەدا هەست بەو فەزا بونیادنەرانە دەکرێت، کە ئیدیۆمەکانیان دارشتووە:

**43-دڵ ئاوەدانە. ( کەسێکی قسەی خۆش بێت)**

**44-دڵ ڕەقە. ( هەست و سۆزی نییە)**

**45-دڵپاکە. ( کەسێکی باشە، هەندێکجاریش بە واتای ساویلکەی دێت)**


**46-دڵ تەڕە. ( هێشتا گەنجە، یاخود گەنجانە بیردەکاتەوە)**

**47-دڵ بریندارە.( بە کەسێک دەگوترێت، کە ئیشیکیان بۆ نەکرد بێت، یان کەسێکی ئازیزی لە دەست دابێت)**

**48-دڵڕنە. ( داخەکەی ئەوەندە زۆرە دڵ دادەڕنێت)**

**49-دڵ مردووە. ( بە کەسێک دەڵێن حەزی لە کچ و ژن نەبێت، یان بە کەسێک دەڵێن دڵی بە ژیان خۆش نییە.)**

**50- دڵ وریا. ( بە ئاگا و زۆر شت زان).**




**هێڵکاری ژمارە (٥)**

**فەزای ئاوەزی دڵ**

فەزا بونیادنەرەکانی (دڵ) لە نموونەکانی (44، 47)، بە جۆرێکە، کە لە (44)دا ئاخێوەر (دڵ)ی کردووە بە بە سیفاتی کەسێکی بێ بەزی و دوور لە هەست و سۆز، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە فەزا بونیادنەرەکەی بونیادناوە، بەڵام لە نموونەی (47)دا ڕاست دڵ ڕەنگە لە واقیعدا بریندار بێت، بەڵام لێرەدا مەبەست لەو برینداریە نییە، بەڵکو چۆن مرۆڤ لە ڕێگەی (چەقۆ، فیشەک، ...هتد) بریندار دەبێت. مردنی ئازیزانیش بەو جۆرە بریندارت دەکات، لەو تێڕوانینەوە فەزا بونیادنەرەکە دارێژراوە و دروستبووە.

## 4-چاو

چاو وەک نوێنەری هەستی بینین ڕۆڵ و گرنگی زۆری لە دارشتنی کەرەستەکانی زماندا هەیە، (چونکە هەر کەسێک بە پێی ئەزموون و شارەزایی و بیرو هزری دەتوانێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە واتای جیاواز هەڵبهێنجرێت و درکپێبکات و دواتر لە ڕێگەی زمانەوە دەریانبڕێت و بەرجەستەییکات، (صالح، 74:2022)، چاو وەک ڕووبەرێکی گرنگی جەستە ڕۆڵێکی سەرەکی لە دارشتنی بەشێکی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیدا هەیە، چونکە هۆکارێکی سەرەکییەوە بۆ ئەوە لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە لە دیاردەکانی دەوروبەر بڕوانرێت، کە ئەمەش بنەمایەکی سەرەکی فەزا ئاوەزییەکانە، چونکە گۆشەنیگای جیاواز هۆکارێکە بۆ دروستبوونی فەزای ئاوەزی جیاواز، چ فەزای بنەڕەتی بێت، یاخود فەزای بونیادنەر بێت، بۆ تێگەیشت و وردبوونەوەی زیاتر با سەرنج لەم نموونانە بدرێت:

**51-چاوچنۆکە. (بە کەسێک دەگوترێت حەز نەکات کەسیتر هیچی هەبێت)**

**52-چاونەترس. ( ئازا)**

**53-چاوی ڕوون بوویەوە. ( کەسێک کەسێکی ئازیزی دوای ماوەیەک ببینێتەوە)**


**54-چاوی گەرمبوو. ( خەو بردیەوە)**

**55-چاو حیزی کردوو0(کەسێک سەیری نامەحەرەم بکات)**

**56-چاو بەرەژێرە. ( منەتی خەڵکی بەسەرەوەیە)**

**57-چاو باشقاڵە.(کەسێک حەز بە سەیرکردنی ژن/پیاو بکات)**

**58-چاو بە چاو دەکەوێتەوە. (یەکتر دەبینەوە).**




**هێڵکاریی ژمارە (٦)**

**فەزای ئاوەزی چاو**

(چاو) فەزا بنەڕەتیەکە بریتییە لە ئەندامێکی جەستە، بەڵام لە سەرجەم نموونەکانی سەرەوەدا بە واتای ئەندامێکی جەستە بەکارنەهاتووە، بەڵکو فەزای بونیادنەری جیاوازی لێ بونیادنراوە، بە جۆرێک لە نموونەی (53)دا، چاو لەبری سەرجەم رووی ئاخێوەر بەکارهاتووە، چونکە کاتێک ئەو دەربڕدراوە بەکاردێت مەبەست لەوەیە ئاخێوەرەکە دەموچاوی گەشاوەتەوە، لە نموونە (58) فەزا بونیادنەرەکە بە شێوەیەکە، کە (چاو)، بۆ ئەندامێکی جەستە بەکارنەهاتووە، بەڵکو مەبەست لێی تەواو جەستەی مرۆڤەکان خۆیانە، واتە مرۆڤ، مرۆڤ دەبینێتەوە.

**5-دەم و زمان**

دەم و زمانیش بە هەمان شێوەی ڕووبەرە جەستەییەکانی تر، لە بەشێکی زۆری دارشتنی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیدا بەشدارییان کردووە، زۆرجار درکپێکردنی ئاخێوەران بۆ ئەم دووانە بە جۆرێکە، کە بە نوێنەری ئاخێوەران ئەژماردەکرێت، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت : ( دەم/زمانی بکاتەوە دەزانی بایی چەنە)، یاخود ( دەمت بکەرەوە بۆ ئەوەی بزانم کێی؟)، لە هەریەکە لەو نموونانەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەو دووانە درک بە کەسایەتی و جۆری کەسەکان بکەین، لە ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیدا جگە لەم جۆرە فەزایە، چەندین فەزای جیاوازی تر دەبینرێت، کە بە هۆی ( دەم و زمان) ەوە داڕێژراون: وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

**59-دەم هەراش. ( کەسێک ڕێزی گەورە و بچوک نەگرێت و هەموو شتێک بڵێت)**

**60-دەمە داچەقەیەتی. (خەریکە دەمرێت)**

**61-دەم شڕە. ( هەموو شتێک باس دەکات و هیچ لای نامێنەوە)**


**62-دەمی چەورکرد. ( بەرتیلی پێدا)**

**63-زمانبازە. ( زۆر بڵێیە)**

**64-زمانی پیسە. ( جوێنی زۆردەدات)**

**65-زمان پاراوە. (کەسێک بە ڕوونی و جوانی قسە بکات)**

**66-زمانی سوتا. ( قسەکەی لە دەم دەرچوو)**




**هێڵکاریی ژمارە (٧)**

**فەزای ئاوەزی دەم و زمان**

(دەم و زمان)، کە دوو ئەندامی سەرەکی پێکهاتەی جەستەی مرۆڤن، بەڵام لەو ئیدیۆمانەی زمانی کوردیدا، کە لە نموونەکانی سەرەوەدا هاتووە، بە شێوەی فەزا بنەڕەتیەکەی بەکارنەهاتووە، بەڵکو لە هەر یەکێکیاندا بە شێوەی فەزای بونیادنراو بەکارهاتوون، بەجۆرێک لە نموونەی (61)دا، وەک چۆن لە کەرەستەی شڕدا هیچ شتێک لە ناویدا ناوەستێت، دەمی هەندێک کەسیش بەو جۆرەیە، هەر لەو تێڕوانینەشەوە فەزا بونیادنەرەکە دروستبووە، لە نموونەی (64)دا مەبەست فەزا بوونیادنەرەکەی ئەوەیە، ئاخێوەرێک جنێو زۆر بدات.

## ئەنجام

1. ئەو دەربڕینە جیاوازانەی، کە رۆژانە بۆ یەک دیاردە رووبەرووی دەبینەوە، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی فەزای بونیادنەر لە لای ئاخێوەران، چونکە هەموویان وەک یەک لە فەزا بنەڕەتیەکە ناڕوانن.
2. ئیدیۆم، کە کەرەستەیەکی سەرەکی زمانی کوردییە، زۆربەیان لە ڕوانگەی فەزا ئاوەزییەکانەوە دامەزراون و داڕێژراون، لەبەرئەوەی کۆزانیارییەکانیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بۆیە بونیادنانی ئیدیۆمەکانیش جیاواز دەبێت.
3. ڕوانینە جیاوازەکان بۆ ڕووبەرە جەستەییەکان هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی فەزا ئاوەزییەکان لە ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیدا.
4. بە وردبوونەوە لە نموونە شیکراوەکانی بەشی دووەم، ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە، کە ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی، کە (سەر، دەست، دەم، زمان. دڵ، چاو)یان تێدا بەکارهاتووە، بەشی هەرە زۆریان لە سەر بنەمای فەزایی بونیادنەر دروستبوون و داڕێژراون.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

ابراهیم،شیلان رحیم(2019)، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

حسەین،شیلان عومەر(2009)، ئیدیۆم،چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

حەمەحسین، شاهۆ صالح(2023)، درکپێکردنی وێنای وێنەی وشەی لێکدراو لە ڕێزمانی کوردیدا، سلێمانی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.

حەمەکەریم،نەریمان حەسەن(2015)، دروستەی سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر.زانکۆی سلێمانی.

شەریف، عەبدولوەهاب کانەبی(2005)، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا،چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
حەمەدئەمین، سنۆ عەولا(2023)، هێمای وێنەیی و کاریگەری لە کردەی گەیاندندا(لە ڕوانگەی واتاسازی زانینییەوە)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی ڕاپەڕین
صالح، دەروون عبدالرحمان( 2022)، ئیدیۆم لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ساڵی نۆیەم، ژمارە (3).
عوسمان، علی حەمەد(2024). وشەی لێکدراو لە کوردی ناوەڕاستدا لێکۆڵینەوەیەکی مۆرفۆلۆجیی زانینییە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سۆران.
علی، محمود جلال(1982)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حسام، بەغداد.
غەریب،نالی ئەدهەم(2016)، درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر.زانکۆی سلێمانی.
غەریب،نالی ئەدهەم(2024)، ستراتیژی کارکردنی زمانی تەکنەلۆژیا پەیوەست بە تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (7)
قادر،کاروان عمر(2012)، سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە(24).
قادر،کاروان عومەر(2017)، دارشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە(13)، کانونی یەکەم.
محمد، کەژاڵ جمانبەخش، احمد، بێستون حسن، محمد، دارا حمید(2024)، تیۆری فەزا ئاوەزییەکان، چەمک و بنەما لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(11).

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Brandt, Line(2013), The Communicative Mind, Cambridge Scholars Publishing, United Kingdom.
Evans, V (2007), A Glossary of Cognitive Linguistics, Edinburgh University Press.
Fauconnier ,Gilles (1994), Mental Spaces, Cambridge University Press, United Kingdom
Oakley,Todd, Hougaard, Anders(2008), Mental Spaces in Discourse and Interaction, Amsterdam / Philadelphia.

## پەراوێزەکان

1- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کەمکورتییەکانی ئەو دوو تیۆرە بڕوانە:
ا-(قادر:2012)
ب-(غەریب:2016)
2-بۆ زانیاری دەربارەی پێناسە و تایبەتمەندیی ئیدیۆم، بڕوانە:
(حسەین:2009)
3- لە ڕاستیدا ژمارەی ڕووبەرە جەستەییەکان، زیاتر لەوەی ئێمە باسمانکردووە، بەڵام ئێمە تەنها ئەم چەند ڕووبەرەمان بە گرنگ زانیووە، چونکە بەشداریەکی بەرچاویان لە دارشتنی ئیدیۆمەکاندا هەیە.
4- بۆ نموونەی ئیدیۆمەکان سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
ا-(حسەین:2009)
ب-(علی:1982)
پ-(شەریف:2005)
5-بۆ ڕووبەرە جەستەیەکانی تریش بەهەمان شیوەیە، بۆیە لە ڕووبەرەکانی تردا تەنها باس لە فەزای بونیادنەر دەکەین.